
# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا

نووسینی: تاهیر عەلیار

## خوێندن و خوێندنگە لە بۆکان (٦-٥)

*[[ لە سەرەتای دەست بەکارکردنی ماڵپەڕی بۆکان، بەشێکی تایبەت بە خوێندنگاکانی بۆکان تەرخان کرابوو، کە ئەو دەم واتە ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا هەم دەستکەوتنی زانیاریی و پێوەندیگرتن لە گەڵ خەڵکان چەتوون بوو، هەم لاکردنەوە لە بابەتێکی وا لە لایەن زۆر کەسەوە بە گرنگ نەدەزاندرا، ئێستا پاش تێپەڕبوونی ئەم ساڵانە و بوونی ئینترنێت و ڕێگاکانی پێوەندی و هاسانبوونەوەی ناردنی بابەت و هەست بەبرپرسیاریکردنی زۆرتر لە مەر زانیاریی بەخشین، ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان لە چوارچێوەی پرۆژەی "بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا" جارێکی دی ئاوڕ لەو بابەتە دەداتەوە و بەرپرسانی پرۆژەکە هیوادەخوازن لە گەڵ پشتیوانییەکی زۆری خەڵک بە تایبەت ئەوانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیان بە خوێندنگاکانەوە هەبووە، وەک خوێندکار، موعەلیم و دەبیر و کارمەندی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان و هەروەها وەک دایک و باوکی منداڵان و خوێندکاران بابەتەکانی خۆیان بۆ ماڵپەڕەکە بنێرن. بیرەوەری، بەڵگەنامە، وێنە، فیلم و هەر چەشنە زانیارییەک کە بگاتە دەست بەرپرسانی پرۆژەکە بە شێوەی شیاو بڵاو دەکرێتەوە. مەدرەسە لە شاری بۆکان بە تەنیا شوێنی خوێندن نەبووە بەڵکوو شوێنی چالاکی هونەریی، فەرهەنگی، وەرزشی، ڕۆژنانەنووسی و شوێنی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیش بووە. باسکردن لە هەرکام لەو لایەنانە، کۆکردنەوەی زانیارییەکی دەوڵەمەندە کە جێگا و پێگەی شارەکە لە سەردەمەکاندا نیشان دەدا. هاوکاری هەرکەس جێگای ڕێز و پێزانینی ئێمەیە]] بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا* redaktion@rojhalat.de

### خوێندن و فێربوون لەناوچەی بۆکان لەبیرەوەریەکانی خالیداغای حیسامی(هێدی) دا(٣-٦-٥)




ڕۆژی دووی مانگی ڕێبەندانی 1324ی هەتاوی کەدەبێتەی مانگی ژانویەی 1946 ی زایینی دوای ئەوەکە چوارساڵ لەهاتنی هێزی سوور بۆ کوردستان تێپەڕیبوو ، کۆماری مهاباد لە چوارچرای شار ڕاگەیەندرا . لەدوای ڕاگەیاندنی کۆماری مهاباد ، دیاری کردنی هەیئەتی وە زیران یەکەم هەنگاو بوو کەبۆ ئیدارەکردنی وڵات هاوێژرا . هەنگاوی دووهەم دانانی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی (پارلمان) بوو کەهەموو ئەندامەکانی لەلایەن پێشەواوەهەڵبژێردران. لەو نوسینانەدا کەلەسەر کۆمار نووسراون و زیادتریان لەلایەن ئەندامانی بەرزی ح،د،ک بوون لەهیچیاندا باسی نەکراوەو ناوی ئەندامەکانی ئەو پارلمانەلەنووسین وبەڵگەکاندا وەبەر چاو ناکەوێ. من کەخۆم لەدەفتەری ئەو ئەنجومەنەدا نووسەر بووم ، بەداخەوەلەئەندامەکان ناوی چە ند کەسێکیان نەبێ لەبیرم نەماوەکەئەوانیش ئەوانەن:

حاجی بابەشێخی سەیادەت سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی .

ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە: کەریماغای قوم قەڵا، حاجی محەمەداغای حیسامی، عەلی خانی قادری مرۆتێ، حاجی مستەفای داودی، ئەحمەدخانی خەلیل خان ئەگەرچاکم لەبیرمابێ و بێجگەلەوانەچەند کەسی تریش بوون کەبەتەواوی ناچمەوەسەریان و گومانم لەسەر ئەو ناوانەی خوارەوەش هەیەکەئەندام بووبن و لەخەیاڵمدا دێن ودەچن بەڵام پێم ساغ نابنەوە. حاجی ساڵحی موشیری، ئیبراهیمی نەوزەری، عومەرخانی شکاک. گۆواری تیشکی شومارەدە نووسێ: حاجی بابەشێخ سەرۆکی هەیئەتی وەزیرانی کۆمار و حاجی مستەفا داودی وەزیری توجارەت بوو لەو کابینەیەدا. بەڵام راستیە کەی ئەوەیەحاجی بابەشێخ سەرۆکی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی (پارلمان) و حاجی مستەفاش ئەندامی ئەو ئەنجومە نەبوو.

کارمەندەکانی دەفتەری ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی ئەوانەبوون:

1. حەمەدەمینی خاتەمی رەییسی دەفتەر

2. خالد حیسامی(هێدی) نووسەر

3. سەعدوونی رەحیمی یادداشتی نامەکانی هاتوو و رۆیشتووی دەفتەر

کاک حەمەدەمینی خاتەمی پێش دروست بوونی دەزگاکانی کۆمار سەرۆکی ئیدارەی ئاماری مهاباد بوو . لەگەڵ دامە زرانی ئیداراتی کۆمار ئیشی وی لەئەنجومەن دیاری کرا و ئاکاری جوان و پەسندی هەبوو ، کارکردن لەگەڵی خۆش و بی گیر و گرفت بوو. ئەنجومەن هەر خۆی مووچەو مانگانەی بۆ کارمەندانی خۆی و ئەندامەکانی پارلمان بڕیبۆوە و هەموو مانگێ بەپێی لیستەپارەکەدەهاتەئەنجومەن و سەرۆک دەفتەر لێی دابەش دەکردن. مانگانەی من هەتا حکوومەت تێک چوو مانگێ 180 تمەن بوو.

بێجگەلەوانەچاییچیەکیشمان هەبوو بەناوی هەمزەکەمەنگوڕ و هەتا بڵێی پاک و خاوێن و سەر و روو خۆش بوو ، ئەگە ر ماوەیادی بەخێر و ئەگەر نەمابێ رووحی شاد.  کاری ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی هەر ئەوەبوو کەپارلمانی گە لانی تر دەیکەن و یەک لەوان قانون دانان چ بۆ وەرگرتن و ئەستاندنیماڵیات و چ لەبواری تری کاری کۆمەڵدا. لەو یاسایانەی من وەبیرم دێ ئەو دەم دەنگی لەسەر درا یاسای دیاری کردنی ماڵیات بوو.

چەند مانگێک لەتەمەنی دروست بوونی کۆمار و دامەزرانی ئەو ئەنجومەنەتێنەپەڕیبوو دەمدی چەشنەنووسراوێک لە لایەن حکومەتی میللی ئازەربایجانەوەبۆ ئەو ئەنجومەنەدێ کەدەتوانم بڵێم ئەمریان تێدابوو و رێ و شوێنیان بۆ ئێمەدادەنا و کۆماری مهابادیان بەبەشێک لەدەسەڵاتەکەی خۆیان حساب دەکرد و دەیانکردەبەخشنامەبۆ ئێمەش . دەنگدانەوەی ئەو جۆرەنووسراو و بەخشنامانەئەگەر لەرادەی لێپرسراوەبەرزەکانیشدا شتێک بووبێ بۆ ئێمەی بۆرەپیاو هیچ دیارنەبوو، دوایی دەرکەوت کەئێمەهیچ هەر لەناو حکوومەتەکەی پێشەوەریشدا هەموویان بەو هەڵوێستەرازی نین و لەسەر ئەوە کێشەیان کەوتۆتەبەینێ و هەتا کۆماری مهاباد تێکچوو پەیوەندی حکومەتی ئازەربایجان لەگەڵ ئێمەهەر بەوشێوەبوو.

حاجی بابەشێخ لەو ماوەکەمن لەو ئەنجومەنەلەخزمەتی دا بووم هەستم دەکرد کەزیدەی کارمەندەکانی دیکەرووم دەداتێ و رێزم دەگرێ و نامەی ئەنجومەن من دەمبردەبەردەستی و ئیمزای دەکرد و تەنیا لێی دەپرسیم مەوزووع چیەو ئیمزای دەکرد و دەیداوەدەستم.

نازانم ئەو حاجی بابەشێخەبۆ خوێنەرەوەی ئەو دێرانەچۆن و چەند ناسراوەو چ لەرابردووی شەخسیەتی عیلمی و کۆمە ڵایەتی و جەوهەری زاتیی وی دەزانێ کەبەراستی بێجگەلەوەی بەسەر هەموو لایەنەکانی عیلم و زانست دا زاڵ بوو لە بوارەکانی تری شەخسیەتیشدا هەلکەوتوو بوو. لەبەر ئەو زانست و ئازایەتیەلەلایەن (ویلهێلم) قەیسەری ئالمان و رە زاشاوەخەڵات کرابوو . قەیسەر دووربین و رەزاشا عەسای جەواهێر نیشانیان بۆ ناردبوو. کاتێک دوای تێکچوونی کۆمار لەخزمەت مەحمووداغای ئێلخانیزادەو حاجی حەمەداغادا لەتورجان (گوندی جێی دانیشتنی) چووینەخزمەتی ، ئە مری کرد ئەو خەڵاتانەبێنن کاک خالید بیانبینێ و من هەردووکیانم دیت کەبەراستی عەسا جەواهێر نیشانەکەزۆر سەیر رازابۆوەو لەبەر ئەو هەموو ئەڵماس و جەواهێراتەکەتێی گیرابوو هەر بریقەی دەهات. پیاو لەتەماشاکردنی تێر نەدەبوو. فەرمووی بێجگەلەو عەسایە، عەسایەکی تریشم بۆ هاتبوو لەوەچاکتر، ئەویان لێ دزیم و نەمدۆزیەوەبەڵام شکم هەبوو.

دوای راگەیاندنی حکوومەتی کۆمار لەدووی رێبەنداندا ئەوجار خۆراهێنان جێی خۆی دا بەخۆرانان و لەو جێژنەو حەفە لاتەدا کەبەبۆنەی راگەیاندنی کۆمار لەلایەن هەموو چینێکەوەبەجودا بەرپادەکرا دەرفەتی خۆ نواندن بۆ شاعیرەکان دەرە خسا و هەر لەوسەرو بەندەش دا شەرەزێرینگەرانەی هەردووک کوردیزانی گەورەی موکوریان (خاڵەمین بەرزەنجی) وکاک (هێمن) بەو دوو شیعرەی خاڵەمین دووراودوور دەستی پێکرد:

دەڵێن نێوبانگی شیعری خاڵەرۆیوە          لەکلکەی قزقەڵا تا گردەگۆڕوێ

تکای خاڵم لەهێمن هەر ئەوەندە          نەپێوێ نیوەشیعرانم بەدەزوێ

(بۆ زانین، بەینی کلکەی قزقەڵا هەتا گردەگۆڕوێ رێگەی نیو سەعاتەبۆ پیادە)

وێدەچێ پێش نووسینی ئەو دوو شیعرەکاک هێمن دەربارەی کێش و وەزنی شیعری خاڵەمین بڕوا و بۆچوونێکی بووبێ و بەدڵی خاڵەمین نەبووبێ . چەند رۆژ پێچوو لەو جێژنەدا کەکۆمیتەی ناوەندیی حزب بەبۆنەی سەربەخۆیی گرتبووی و من حازر بووم خاڵەمین هەستا شیعرێکی بەرزی خوێندنەوەو جەو و هەوای ئەو جێژنەی نرخاند بەبۆنی گوڵاو و زولفی یار لەو قافیەدا:

بۆنت گوڵی گوڵاوەدەڵێی زولفی زێرنی

ئەوجار پیرۆزبایی لەگەلی کورد کرد و رێزی بۆ پێشەوای پایەبەرز دانا و پێداهات گەیشتەئەو شیعرە:

لێک دوور و وێک نەکەوتوەئەشعار و مەتڵەبم          وەک تووکی چڵ چڵ و سەر و کاکۆڵی هێمنی

دوای خوێندنەوەی ئەو پارچەشیعرەهەردووکیان لەتەنیشت یەک دانیشتن و دەستیان کرد بەنوکتەی خۆش و پێکەنین.

لەجێژنێکی تردا کەکۆڕێکی زۆر گەورەبوو ئەوجار کاک هێمن چووەپشت تریبون و دەستی بەخوێندنەوەی ئەوشیعرانە ی خوارەوەکرد کەچاوەڕوان دەکرا ئەو رۆژەئەویش قسەی خۆی بکا وگوتی:

مەردی نەبەرد و شاعیری بێ باک و چاک منم          رۆژی هەرا و کێشەو شەڕ سەدی ئاسنم

من بولبولێکی وەها بووم کەدەسم کرد بەناڵەناڵ   زیندووم کردەوەمیللەتی کوردی بەخوێندنم

تەوهینێ بۆ بەپرچ و بەکاکۆڵی من دەکەی          دەروێش نیم برالەئەمن شێری پرچنم

مەردایەتی بەکوڵکەنیەگەر دەڵێی هەتا          ئەوچڵ چڵەی بەسەرمەوەماوەهەڵیرنم


ئەو شیعرانەهەر ئەوەندەنین بەڵام لەبیرم نەماون و دیوانی کاک هێمنیش گە ڕام (تاریک و روون) تێیدا نەبوو وادیارەئە وانیش وەبەر قانوونی پاکسازی کەوتوون و لێی فڕێداون . وەک رۆژێک لەخۆیم بیست فەرمووی : شیعرەکانی قەدیمم هیچیان نەماون کەلەگەڵ ئەوانی تازەچاپیان کەم ، بەوەش چاک بوو نەماون چونکەلەمستەوای شیعری ئەورۆمدا نین.

بەڵام ئەگەر دیوانی کاک هێمن هێندێک شیعری کەمەو یان لێی کەوتوە، دیوانی خاڵەمین زۆر بەداخەوەهەر چاپ نەبوەو نەکەمی هەیەونەزۆر. ئەو کاتەلەکەرەج بووم ئەمری بەمن کرد پێشەکیەکی دوور و درێژم بۆ نووسی و حازر کرابوو بۆ چاپ بەڵام داخی گرانم کۆچی دوایی ئەو شاعیرەگەورەی بەسەردا هات و چاپەکەی وەدوا کەوت.

لەسەرماوەزی 1325 دا هێزی میری لەتارانەوەبەرەو تەورێز پایتەختی ئازەربایجان بزووت و لەی سەرماوەزدا گە یشتەوەمهاباد . دیارەئەوەزۆر گوتراوەکەلەکوردستان لەجیاتی بەرەنگار بوونەوەیان لەلایەن پێشەوا و بەرپرسانی ترەوە پێشوازییان لێکرا کەدوکتور قاسملوو گوتەنی ئەو پێشوازییەهەڵەیەکی مێژوویی بوو بەڵام هە رچی بوو کرا و هەر گە یشتنەوەلەپێشدا هەر سێک کەڵەپیاوی کورد پێشەوا و سەدری قازی و حەمەحوسین خانی سەیفی قازییان گرت و دوای وان خەڵکی تریش ئەوەی بۆ گرتن دەبوو گیران و ئەوەی لەفریای هەڵاتن کەوتن هەڵاتن . حکومەت بۆ لەسێدارەدانی پێشەوا لەموکوریان ئیمزای سەرۆک عەشیرەت و گەورەپیاوانی تری وەخڕ دەکرد بۆ ئەوەکەبارێکی وا بەو جنایەتەوە بگرێ کەگۆیا خەڵکی خۆیان داوخوازی لەداردانی وان بوون و پیش هەموو کەس نووسراوەکەیان بردەلای عەلیاغای ئە

میر ئەسعەد (علی یار)رەئیسی دیبۆکریان بەڵام عەلیاغا ئیمزای نەکرد و فەرمووی : من ئەگەر قازی محەمەدم ناخۆشیش ویستبێ بۆخۆم ناخۆش ویستوەنەک بۆ خەلکی تر . پێویست بەو روونکردنەوەهەیەکەعەلیاغای عەلی یار هە تا کۆمار رووخا سەری وەبەر نەهێنا و دژایەتیی پێشەوای کرد بەڵام نووسراوی حکوومەتیشی بۆ کوشتنی پیشەوا ئیمزا نەکرد، هەروەک زۆر کەسی تریش لەوەدا چاویان لەو کرد و نووسراوەکەیان ئیمزا نەکرد.

دەربارەی چارەنووسی پێشەوا هیچ بەیانییەو راگەیەندراوی رەسمی نەبوو لەلایان میرییەوە بەڵام خەلک هەموو بەتایبەتی دانیشتوانی مهاباد نیگەرانی و پەژارەی داهاتوویەکی نادیار دایگرتبوون و لەرووداوێکی ناخۆش و چاوەروان نەکراو دەترسان و ئاخریش ئەو ترسەوەراست گەرا و رووداوەناخۆشەکە روویداو سبەینەیەک خەڵکی شار ئەگەر لەخەو هەستان دیتیان هەرسێک قارەمانی گەلی کورد بەداردا کرابوون .



دانیشتوو: لای راست هێدی، لای چەپ تاهیراغا حیسامی
رێزی دواوە لە راستەوە: جەعفەراغا حسامی، حەمەدەمین حسامی، قادراغا حسامی

ئەوشەوەهەر لەئێوارەوە پەلەوەر لەنێو شاردا هاتوچۆی نەدەکرد و لەهیچ شەقام و کۆڵان و تەنانەت لەهیچ سەربانێکیش گیانلەبەر دیار نە بوو . خوێن و ترس و سامێکی وا وڵاتی داگرتبوو مەگەر بەهێمنی گەورەبکرێ وێنەی ئەو شەوەشووم و پر لەنەگبەتەبۆ نەوەکانی دوارۆژ بکێشێ وبیکاتەدیرێکی زەق و بەرجە ستەلەمێژووی پر لەبێداد و ستەمی گەلی کورد دا کەدەفەرموی:

## شەو و شەیتان

ئەستێرەیەک یەک راخوشین　　رەش هەڵگەڕا ئاسمانی شین
هەورێک شۆڕابەی بەرداوە　　دەڵێی لەقیریان وەرداوە
تاریکانە. شەوەزەنگە　　وڵات بێ هەست و بێدەنگە
گۆرستانی خامۆشەشار　　تێیدا نەماوەزیندەوار
نەرادەژێ گەڵای دارێک　　نەدێ هەستی پێی رێبوارێک
هەرچی کۆڵان و شەقامە　　دەڵێی کاولاشی بەسامە
دنیا دەریای بێ شەپۆلە　　لاو داماوەجێ ژوان چۆلە
پەردەی کۆشکان دادراوە　　رۆچنەی کۆخانیش گیراوە
لەتالار و سەرسەرایان　　برا تروسکەی چرایان
شەمی سەرچاکیان لا بردن　　مردووش هێندەی دیکەمردن
دامرکابوو بەزیلەمۆ　　لەناو ئاورگاندا پشکۆ

ژیان روو گرژەو مچ و مۆڕ          دێ بۆنی کفن و تات و گۆڕ

شەو زرینگاوەراشکا          شەیتان سامی لەخوا شکا

کەڵپی خوێناوی گڕ کردن          فریشتەی پشووبڕ کردن

خەم و خەفەت وادەبێژێ          شادی و ئازادی دەنێژێ

داسی مەرگ و نەمان دەسوێ          هەوەڵ گەوزی داوێتەکوی؟

دێن و دەچن بەئەسپایی          لەچوارچرا چەند تارمایی

خێوی شەو و خودای شەڕن          بێچوەشەیتانی بەدفەڕن

ئاخ دیسان سێدارەچەقی          کوردی چۆ بن لەسەر هەقی

لەپڕ دەنگێکی نێرانە          نرکەی کوڕانەو شێرانە

پەردەی بێدەنگیی دادڕاند          خەواڵووی لەخەو راپەڕاند

خەلک هەمووی ئەو دەنگەی بیست          دەیگوت: ( پێشەوا) ی خۆشەویست

کەمن مردم کورد نامرێ          دەس لەخەبات هەڵناگرێ

هارووژا وەکوو پوورەی هەنگ          (مهاباد) گۆڕخانەی بێدەنگ

لەدەورووبەری چوارچرا          هەزاران سەر لەقوڕ نرا

کام نازداری شۆخ و جوانە          دای لەخم لکی کۆڵوانە

لەچاوی کیژی مل بەکوێن          بەخوڕ دەهات فرمێسکی خوێن

شۆڕەلاو هاتەکۆڕی شین          ئەویش سۆرانیی کردن شین

پیرەپیاو بانگ دەکا رۆڵە          لەبیر نەکەن تۆڵەتۆڵە

تێگڕا دەڵێن درشت و ورد          کورد نەمرد پێشەواش نەمرد

با تەرمیشی بخرێتەگڵ          چۆن یادی دەردەچێ لەدڵ؟

شاد بەئەی پێشەوای نەمر          هەتن رۆڵەی ئازا و خوێن گر

بۆ فیداکاری ئامادەن          رێگای راستی تۆ بەرنادەن

پەرکووڕی رق ئەستوورەکورد          لەسەر تۆڵەی تۆ سوورەکورد

کچ و کوڕ و ژن و پیاوی          دەکا خەباتی خوێناوی

تا مافی رەوای دەستێنی          ئاواتی تۆ وەدی دینێ

**درێژەی هەیە ...**